# شەونم

هۆنراوەی (40)

سرو چمان من چرا میل چمن نمی کند

شلکە نەمامی من لە بۆ مەیلی بەلای چەمەن نیە
بۆ نیە هاونشینی گوڵ هۆشی لە لای سەمەن نیە
تا سەرەڕۆ دڵی خولم گەیوەتە چینی زولفی ئەو
لەو سەفەری درێژی دا بیری لە لای وەتەن نیە
دڵ بە هومێدی وەسڵی تۆ تێرە لە هاودەمی گیان
گیان بە خەیاڵی دیتنت مەیلی وەلای بەدەن نیە
دڵ بە خەمی برۆی کەوان زامە خەمی تەشەنیە، ئەو
گۆشەکەوانی بادەدا گوێی لە خەمی تەشەن نیە
دوێ گلەییم لە پەرچەمی کرد و بە داخەوە کوتی
تورکە سیا پەپاغەکەم گوێی لە من و لە سەن نیە
زولفی وەنەوشەکان دەمێ تێک دەشکێ بە بای سەبا
ئاخ کە دڵم لە بیری ئەو یاری بەڵێن شکەن نیە
یاری بەلەک بلووری من خڵتە بدا لە باتی روون
کێ یە بەدەن نەکا بە دەم ، کێ یە لەشی لەگەن نیە
بۆنی گوڵان لە سروە دێ ئاتەگی پاکی تۆ چلۆن
خاکی وەنەوشەزارەکەی میشکی خەتا و خوتەن نیە
گاڵتە بە ئابڕووم مەکە لوتفی هەور ئەگەر لەگەڵ
ئاوی دووچاوی من نەبێ شوێن لە دوڕی عەدەن نیە
کوشتەی ناز و غەمزەتە حافزی گوێ نەگر لە پەند
تیغەشیاوی ئەوکەسەی گوێی لە قسەی پەسەن نیە

حافزی حەقیقی